# شیعری هاوچەرخی گرێکی

وەرگێڕانی لەسوێدییەوە: رزگار شێخانی
rizgaro@yahoo.se

## یانیس ریتسوس

1990 –1909



### گۆزەکەر

رۆژێکیان کە لەکاری گوڵدان، کوپە و گۆزەڵەکردن تەواوبوو
کەمێك قووڕ مایەوە. شێوەی ژنێکی لێ دروستکرد.
مەمکەکانی
گەورەو تووند. خەیاڵ بردییەوە
درەنگ بۆماڵ گەڕایەوە
ژنەکەی گلەیی لێکرد، ئەو هیچی نەوت
رۆژ لەدوای رۆژ
زێتر قووری دەهێشتەوە،
نەگەڕایەوە ماڵ، ژنەکەی داوای تەلاقیکردو جوودابوونەوە.

چاوەکانی گڕیان گرتووە. نیوەڕووت وەستاوە
شاڵێکی سووری لەزگی خۆی ئاڵاندووە
ئێواران لەگەڵ ژنی لە قووڕ دروستکراودا دەڕازێ
لەگەردوگوڵی بەیانیدا، دەبیسترێ، لەودیوی دیواری کارگە گۆرانی بڵێ

وادەکا شاڵەسوورەکەش بکەوێ، بەڕووتی وەستاوە،
رووتوقووت. لەدەوروبەریدا
گۆزەڵە، کوپە و گوڵدانی خاڵی،
ژنی جوانی نابیناو کەڕولاڵی
مەمك گەزتراو هەن.

www.kurdistannet.org

سەرچاوە:

Jannis Ritsos. Åtbörder. Tolkning: Theodor Kallihatides och Östen Sjöstrand
W&W Stockholm 1971